دابەشکردنی هەزار و 500 سەبەتەی خۆراکی بەسەر خێزانە گەڕاوەکانی شنگال لەلایەن وەزارەتی کۆچەوە

ئەمڕۆ یەکشەممە وەزارەتی کۆچ وکۆچبەران دابەشکردنی هەزار و 500 سەبەتەی خۆراکی بەسەر خێزانە گەڕاوەکانی شنگال ڕاگەیاند. وەزارەتەکە لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە: بە ڕێنمایی ڕاستەوخۆی وەزیری کۆچ وکۆچبەران ئیڤان فایق جابرۆ و لە جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەتدا، وەزارەتی کۆچ وکۆچبەران بەردەوامە لە دابەشکردن هاوکاری فریاگوزاری لەنێو ئەو خێزانانەی دەگەڕێنەوە بۆ ناوچە سەرەتاییەکانی نیشتەجێبوونیان لە قەزای شەنگال لە پارێزگای نەینەوا بۆ هاندانی گەڕانەوەی خۆبەخشانە. ئاماژەی بەوەشکرد: کارمەندانی وەزارەت (1500) پشکی هاوکاری فریاگوزارییان بەسەر خێزانە گەڕاوەکاندا دابەشکرد لەسەنتەری قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە (تل عەزیر)، کە خۆراك و سەبەتەی تەندروستی لەخۆگرتبوو، جەختیشیکردەوە وکارمەندانی وەزارەت بەردەوام دەبن لەپێناوی هاوکاریی فریاگوزاری و دابەشکردنی هاوکاری فریاگوزاری بەسەر گەڕاوەکاندا لە قەزای شهەنگال.